كۆلیژی پەروەردە/ شەقلاوە

بەشی زمانی كوردی/ ئێواران

بابەت: زمانەوانیی كۆمەڵایەتی

د.هیوا احمد عصاف

---

پرسیارەكان

پ1: زمانەوانیی كۆمەڵایەتی چییە؟ بیناسێنە و بە هێڵكارییەك بە لقەكانی تری زمانەوانییەوە بیبەستە.

پ2: چۆنیەتیی سەرهەڵدانی زمانەوانیی كارەكی و زمانەوانیی كۆمەڵایەتی ڕوونبكەوە.

پ3: جیاوازیی زمانەوانیی تیۆری و زمانەوانیی كارەكی لە ڕووی چۆنیەتیی لێكۆڵینەوەوە دیاربكە.

پ4: چ پەیوەندییەك هەیە لە نێوان جیاوازیی كۆمەڵایەتی و جیاوازیی زمانیدا؟ ئەم بابەتە ڕوون بكەوە.

پ5: بوارەكانی لێكۆڵینەوەی زمانەوانیی كۆمەڵایەتیی چین؟ لەم بابەتە بدوێ.

پ6: كۆمەڵگا چییە؟ زمان چ ڕۆڵێكی تێدا دەبینێت؟ پێنج ئەركی زمان لە كۆمەڵدا دیاربكە.

پ7: زمان چۆن دەتوانێت ڕۆڵی ئەرێنی و نەرێنی لە كۆمەڵگادا بگێڕێت؟ ڕوونی بكەوە.

پ8: كلتوور چییە؟ بەشەكانی چین؟ هەر بەشێكیان چ پەیوەندییەكی بە زمانەوە هەیە؟ ڕوونی بكەوە.

پ9: كلتوور چییە؟ ڕەگەزەكانی چین؟ چۆن بە زمان دەیبەستیتەوە؟

پ10: تیۆری ڕێژەیی پەیوەندیی نێوان زمان و بیر چۆن دیاردەكات؟ نموونە بۆ وەڵامەكەت بهێنەوە.

پ11: تیۆری مەعریفی پەیوەندیی نێوان زمان و بیر چۆن دیاردەكات؟ نموونە بۆ وەڵامەكەت بهێنەوە.

پ12: چۆن دەیسەلمێنی كە زمان كاردەكاتە سەر بیركردنەوە؟

پ13: چۆن دەیسەلمێنی كە بیر كاردەكاتە سەر بەكارهێنانی زمان؟

پ14: ئایا بیركردنەوە بە بێ زمان هەیە؟ چۆن؟

پ15: ئاین بە چەند شێوە كار لە بەكارهێنانی زمان دەكات؟ نموونەی بۆ بهێنەوە.

پرسیارەکان:

پ16: چەند هۆکارێک کار دەکەنە سەر هەڵبژاردنی شێوازی ئاخاوتن، سێ لەو هۆکارانە ڕوون بکەوە.

پ17: شێوازی ئاخاوتن چییە؟ جیاوازیی شێواز لە چیدا دەردەکەوێت؟ ڕوونی بکەوە.

پ18: یەکێک لە شێوەکانی دەرکەوتنی شێوازی جیاواز جیاوازییە لە دانەی فەرهەنگی، ئەمە ڕوون بکەوە.

پ19: (مارتن جووس) بەپێی پایەی قسەکەر و پەیوەندیی نێوان قسەکەر و گوێگر پێنج شێوازی ئاخاوتنی دیارکردووە، بەپێی ڕیزبەندی بیانژمێرە (2) دانەیان بناسێنە.

پ20: دوو (2) جیاوازیی نێوان (شێوازی وشک) و (شێوازی ئاسایی) بنووسە.

پ21: بۆچی شێوازی ئاخاوتنی نێر و مێ جیاوازە؟ دوو هۆکاری سەرەکی بنووسە.

پ22: پێنج جیاوازیی نێوان ئاخاوتنی نێر و مێ بنووسە.

پ23: جیاوازیی ئاخاوتنی نێوان نێر و مێ لە ڕووی فۆنەتیکەوە بنووسە.

پ24: جیاوازیی ئاخاوتنی نێوان نێر و مێ لە ڕووی دانەی فەرهەنگییەوە بنووسە.

پ25: بەپێی (گریمانەی کیماسی) شێوازی ئاخاوتنی مێ چۆنە؟ ڕوونی بکەوە.

پ26: چوار هۆکار بنووسە، کە دەبنە هۆی جیاوازیی ئاخاوتن لە نێوان تەمەن جیاوازەکاندا.

پ27: بۆچی زمان بەپێی پیشە جیاواز بەکاردێت؟ ئەو جیاوازییە چ دیاردەیەکی زمانی دێنێتەئاراوە؟

پ28: مەبەست چییە لە یاسا کۆمەڵایەتییەکانی زمان؟ نموونەی دوو یاسا بهێنەوە.

پ29: چوار ڕێگای ناڕاستەوخۆی ڕێزگرتنی زمانی بنووسە و نموونەی ڕستەی لەگەڵدا بهێنەوە.

پ30: مەبەست چییە لەم بنەمایانە لە ڕێزگرتنی زمانیدا:

(بنەمای ڕێککەوتن، بنەمای نەرمی)

پ31: وشەی تابوو چییە؟ دوو ڕێگای خۆبواردن لەو جۆرە وشەیە بنووسە.

پ32: پێناسەی ئەمانە بکە:

جۆراوجۆری زمانی، بازدانی زمانی، سیاسەتی زمانی، پلانی زمانی